کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 18:55 26-1-2007

# بەڵی بۆ لێکتێگەیشتن و هاوسەنگییەکی تەندروست ... ئەرسەلان مەحمود

بەدرێژایی مێژوو گەلی ئێمە، بەهۆی داگیرو دابەشکراوییەکەی. . بەهۆی پێگەو هەڵکەوتی جوگرافی نیشتیمانەکەی. . بەهۆی گیرۆدەبوونی خۆبەخۆو و خەوتوویی لەپێخەفی پیسی پاشخانە کولتوری و کۆمەڵایەتییەکەی. . بەهۆی نەبوونی فەلسەفەیەکی ژیاری ڕوون و بابەتی و. . . توانەوە لەبۆتەی ئایدیاگەرایی بێئامان!!. . . و لەم سەردەمەشدا بەهۆی نەبوونی ڕاگەیاندنێکی پڕنەخش وکاریگەر، لەوکاتەشدا کە خاوەنی جۆرێك لەکەناڵ و شێوازێك لە ڕاگەیاندننین، هەروەك چۆن لەسەرەتاوە نەتوانراوە خاوەن کەسایەتییەکی بەهێزو سەربەخۆیی خۆمان بین و بوونیاد بنێن، ئاواش نەمانتوانیوە لەئاستی پێویستی ڕاستکردنەوەی ئەو بارە و دانانی کاریگەریدا بین و هەمیشە شاردنەوەی کەموو کورتیەکان و لێکتێنەگەیشتنمان بەلاوە پەسندتر بوە تا دەرخستن و دەردەشەکردن. بێگومان ئەوەکاروپرۆسەیەکی هەمەلایەن وگشتگیرە، بەڵام ڕاگەیاندنەکان پێویستدەکات نەخشێکی دیارو کاریگەرتریان هەبێت تا پەرە بەهۆشیارییە جۆراوجۆرەکانی پەوەست بەژیان و ژیاریمانبدەین.

هەربۆیەش دەبینین ئاستی هۆشیاری تاکەکانی کۆمەڵگاکەمان تاڕاددەیەکی زۆر لێك نزیکەو لەهەمانکاتیشدا تیڤی و ڕاگەیاندنەکان. . حکومەت و ڕێکخراوەکان. . مزگەوت و مەیخانەکان. . نەوەکانی دوێنی وئەوانەی ئەمڕۆ نەخشێکی زۆر کزیان هەیە و تەنانەت زۆرتر گاریگەری خراپیشیان هەبووە، ئەوەی ئێستا لەبەرنامەی (بڵێ) ی تیڤی زاگرۆسدا دەخرێتە ڕوو ڕاستە بەجۆرێك لەجۆرەکان ئەو کێشەو گرفت و لێك تێنەگەیشتنانە حەقیقەتی ناو هەریەکێك لەکۆمەڵگای مرۆڤایەتین بەڵام بۆ کۆمەڵی کوردەواری گرفتەکە چۆتە بینەقاقاو هیچ شتێك لێرە بەپێوەری بابەتی وەك خۆیوو لۆژیکی ناپێوری و عەیبە هەموومانی عەیبدار کردوە، هەروەك چۆن بەشێك ئەگەر بۆیانبکری بەرنامەیەکی وەك (بڵێ) بەبیانووی جۆراوجۆری لاوازو نالۆژیکی لەشاشەی تیڤی دەسڕنەوە، چونکە بەجۆرێك لەجۆرەکانی لادانی کۆمەڵایەتی وئەویاساو ڕێسا کولتورییەی دەزانن کە خۆی لەخۆیدا بەهۆی کاریگەرییە بۆماوەیی و دەرەکییە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان لەبنەڕتەوە شێوێندرا و سەپێندراوە. .

خۆشگوزەرانی بەهۆی ماڵ و سامانێکی زۆرو زەوەندەوە بەرهەم ناهێندرێت، بەڵکو بەوە بەرهەم دەهێندرێت بگەینە دواپلەکانی لێکتێگەیشتن، چونکە تێگەیشتن لەو ڕەنجان و دابڕانە ڕزگارماندەکات کەخۆمان بۆخۆمانمان هێناوەتە ئاراوە، ئەوکاتەی تۆ دەتەوێت لەبەرامبەرەکەت تێبگەیت دەبی ئەوە بزانی بۆ خاتری ئەو نییە، هەر ئەو نییە تۆی لەدەستداوە، ئەوە تۆشی ئەوت لەدەست داوە. . بەو پێوەرە دەتوانین خۆمان لەهەرگیروگرفتێك ڕزگاربکەین کەدێن ڕێگامان و دەبنە پێشهات. مرۆڤ نابی بەهەربڕوبیانوێکی (کۆمەڵایەتی، ئاینی، سیاسی، . . . ) خۆی بکاتە کۆیلەو دیلی دەستی نیگەرانی و خەمەکانی خۆی، پێویستە ئازادی و سەربەخۆیی خۆی بپارێزی، بەڵام لای ئێمە هەمووشتەکان بەپێوەری پێچەوانە وەرگیراون و وەردەگیرێن ئەوەتا لەگەڵ ئاڵۆزی و گرفت و خەمدا سازگارترین لەخۆشحاڵ بوون بەشادی و تواناکانی لێکتێگەیشتن. . بەڕووی دەردە کۆمەڵایەتیەکان گیرۆدەترو کراوەترین وەك لەڕووەکانی خۆشگوزەرانی. . مادامێکی گرفتەکان بوونیان هەیە و تادی شیرازەی پێکەوەژیان ولێکتێگەیشتنی تەندروست دەشێوێنن، سەرەڕاش هەبن پێیان وابی شیاوی باسکردن و خستنە ڕوونین، ئەوە دروست بەڵگەی ئەوەیە بەرنامەیەکی ئاوا تەواو لەجێگەی خۆیدایەو پێویستی زۆرمان بەڕاستکردنەوەی ئەوبارە هەیەو دەبی لەکۆختە بچوکەکانی دوێنێوە بۆدنیاو بۆ ژیانی ئەمڕۆمان نەڕوانین. . کەوابوو ئەرکی هەمووماان و ڕاگەیاندن بەتایبەتی ئەوەیە بتوانین هاوسەنگییەك بهێنینە ئاراوا، هەرئەوەشە ئامانجی کۆتایی بەرنامەی (بڵێ) . .


ئەو نووسینانەی لە (کوردستان نێت) دا بڵاو دەکرێنەوە، بیر و بۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێیان بەرپرسیار نییە.

ئەگەرچی بەرنامەی (بلّی) پەرجۆیەکی لەهونەری کاری نوێگەری ڕاگەیاندندا نەخولّقاندووە، بەلاّم بۆشاییەکی گەورەی ئەوبوارەی بەگشتی و تیڤیەکان بەتایبەتی لەسەر ژیان و هەنگاونان بەرەو ژیارییەکی ژیرانەتروتەندروستر پڕکردۆتەوە و جێکردوە و دلّنیاشم ئامانجی خۆی دەپێکی و پەیامی کرانەوەی تاکەکانی کۆمەلّگا بەڕووی یەکتری و توانای تێکگەیشتن فروانتردەکات و بەرچاو ڕوونی زیاتر دەبەخشی. . ڕاگەیاندنیش ئەو ڕاگەیاندنەیە تجاوز بکات و لەچوارچێوەیەکی دەقگرتوودا هەلّنەسوڕی، وەك ئەوەی دەبینین زۆرێك لەکەنالّە جیاجیاکانی بواری ڕاگەیاندن کاتی دەبیتە بینەرو خوێنەرو گوێگریان دروست وەك ئەوە وایە باپیرە گەورەیان قسەت بۆبکات. . !

بۆیە وێرای دەستخۆشانە. . هیوادارم (ئێوە ـ بەرنامەی بلّی) هەمیشە پەیام و پەیڤتان جیاوازو پڕ برەوتربێت و ئەو پەڕی تەمەنناو ئومێدی بەردوامی و هەمیشە گێرانەوەی خۆشەویستی بۆ نێو ساردبوونەوەی دلّ و خانەوادەکان لە ئێوە دەخوازم.

زاگرۆس (تیڤ) یش لەهەموو شوێنێك (باکور، باشور، ڕۆژهەلاّت، ڕۆژئاوا) دا دەژی و بۆ هەموومان ئومێدەوارم وەك لێوەی چاوەڕێدەکرێت شاشەو پەنایەکی ئاسودەبەخشبێت.


ئەو نووسینانەی لە (کوردستان نێت) دا بلاّو دەکرێنەوە، بیر و بۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێیان بەرپرسیار نییە.